گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەڵسەنگاندنی یاسایی بۆ مادده (١)ی یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان_عێراق

**ناسکه احمد حويز**
پارێزەر؛ سەندیکای پارێزەرانی کوردستان, هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
naska.11.ahmad@gmail.com

**پ.د.محمد رشيد حسن**
بەشی یاسا,زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی،سلێمانی, هەرێمی کوردستان، عێراق.
mohammed.rashid@uhd.edu.iq

**زانیاریەکانیتوێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٣/١٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/٣
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Damege, sutability, Institution, Constitution, Crime*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.17

**پوختە**

تاوانەکانی دژی دامەزراوەکان هەمەجۆر و هەمەچەشن و فرە ڕەهەندن کە دەکرێت تاوانی سیاسی بن وە دەکرێت تاوانی ئاسایی بن، کە بە ڕەفتار و گوفتاری جیاجیا ئەنجامدەدرێن کارتێکەر و زیان بەخشن بۆ سەر دامەزراوەکانی هەرێم .وە ئەم تاوانانە سروشتێکی تێکەڵاویان هەیە دەکرێت تاوانانی مەترسی بن بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری دامەزراوەکانی هەرێم کوردستان_عیراق و مەترسی خستنە سەر کیان و پێگەی هەرێم کە ئەم جۆرە تاوانانە تاوانی ڕواڵەتین و بە تەنیا بە کرداری تاوانکاری تاوانەکە دێتەدی، وە دەکرێت تاوانی زیان بن بە دروستکردنی زیانی ماددی ڕاستەقینە بۆ سەر دامەزراوەکانی هەرێم، کە لە داڕاشتنی یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی٢٠٠٣ لە چوارچێوەی ماددەی یەکەمی یاسای هەرێم تاوانەکان ڕێکخراون، کە بە تاوانی دژی ئاسایشی ناوخۆیی دادەنرێن و کارتێکەر و تێکدەرن بۆ ئاسایش و هێمنی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان، بە گشتی و دامەزراوەکانی هەرێم بەتایبەتی. بەڵام یاسادانەری کوردستانی لە داڕشتنی دەقی ئەم یاسایە سەرکەوتوونەبوە. چونکە چەمکەکانی بە شێوەیەکی فراوان بەکارهێناون ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان و ڕەوایەتی سزایی و ناهاوسەنگە لە سزاسازی لەگەڵ ڕەفتارە تاوانیە جۆر بە

جۆرەکان، لەبەرئەوەی پێویستە دارشتنی دەقە یاساییە تاوانکارییەکان کۆکەرەوە و مانح و وردبن و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی ڕوون و ماناداربن، هەر بۆیە پێویستە ئەم یاسایە دووبارە دارشتنەوەی یاسایی بۆبکرێت، و چەندین برگە و بەند و تاوانی دیکە لە خۆبگرێت و ڕێکبخات بەجۆرێک بگونجێت لەگەڵ بارودۆخ و قەوارەی هەرێمی کوردستان، یاخود دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە.

## پێشەکی

مەبەست لە دامەزراوە دەستوورییەکان دامەزراوەی باڵان و ڕەنگدانەوەی سیستەمی فەرمانڕەواییین، و دامەزراوەی حاکمن لە وڵات کە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، دادوەری دەگرێتەوە. بە تەواوی پێکهاتە سیاسی و کارگێرییەکانی لە پەیکەربەندی دامەزراوەکان. بەمەش هەر مەترسییێک لەسەر یەکێک لەم دامەزراوانە کاریگەری لەسەر ئاسایش و سەقامگیری وڵات و مەترسی لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات. بۆیە لەبەر گرینگی دامەزراوەکانی وڵات و ئەرک و دەسەڵاتیان گەرەنتی و ڕێکخستنی دەستوورییان هەیە و لەهەمان کاتیش دا پارێزگاری یاساییان هەیە لەو مەترسی و تاوان و دەستدرێژیانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

جێگای ئاماژەکردنە کە سەبارەت بە بنەمای دەستووری بۆ دامەزراوەکانی هەرێم دەگەرپێتەوە بۆ دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق کە لە ماددەی (١٢١)ی دەستووری ٢٠٠٥ عیراق ئاماژەی بەوەکردووە کە هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادان و جێبەجێکردن و دادوەری هەیە. بەمەش ڕەوایەتی دەستوورییان پێدراوە،وە بە یاسای خاوەن سروشت دەستووری لە کوردستان ڕێکخراون، کە سەرەتای دروستبوونی دامەزراوەکانی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری ژمارە(١)ی ساڵی١٩٩٢ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان_عێراق. بۆیە پاراستنیان لەو دەستدرێژ و مەترسیانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە زامنی سەقامگیریی ئاسایش و هێمنی وڵات و مانەوەی قەوارەی هەرێمە بە شێوەیەکی گشتی. هەر بۆیە لەبەر گرنگی پێگەی یاسای و دەستووری دامەزراوەکانی هەرێم لە پاڵ جێبەجێکردنی احکامەکانی یاسای سزادانی عێراقی بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستان یاسایەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەت بە پاراستنی دامەزراوەکان جێبەجێدەکرێت کە یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی٢٠٠٣یە وەکو جێگرەوەیەک بۆ وەستاندنی کارکردن بە چەند ماددەیەک لە یاسایی سزادان، لەو دەستدرێژی و کردار و گوفتار و ڕەفتارە نارەوایانەی کارتێکەرن بۆ ئاسایشی دامەزراوەکان و بەرێوبردنی کاروبارەکانیان سەرئەنجام تێکدەرن بۆ سەقامگیریی گشتی کیانی هەرێم، کە لەم توێژینەوەیەدا لەژێر ڕۆشنایی ناونیشانی توێژینەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان و هەمەلایەن تیشک دەخەینە سەر ئەوکردارە تاوانیانەی لەم یاسایەدا دەق نوسکراون هەوڵدەدرێت بە شێوەیەکی شێکاری و چڕوپڕ بە پشتڕاستکردنەوەی بڕیاریارە دادوەریەکان شرۆڤەبکرێن.

## کێشەی توێژینەوە

لەبەر گرنگی و پێگەی دامەزراوەکان و ڕەنگدانەوەیان بۆ سیستەمی فەرمانڕەوایی و کاریگەربونی سیستەمی سیاسی بە سیاسەی یاسادانی وڵات بەگشتی و یاساتاوانکارییەکان بە تایبەتی، بۆیە لێرەدا کێشەی توێژیەنەوە لە چەند بابەتێک خۆ گەڵاڵەدەکات لەوانە بەشێوەیەکی گشتی تاڕادەیەک نەگونجانی سزای بەشێک لە تاوانەکان لەگەڵ بیری دیموکراسی ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیان و ڕەوایەتی سزایی. لەلایەکی تر پابەند نەبوونی یاسادانەر بەبنەماکانی ڕوونی و دڵنیابوون هەروەها ناڕوونی لە نموونەی یاسایی پێکهێنەری تاوانەکانی ئەو یاساییە لە دەقە سزایەکانی پەیوەست بەم تاوانانە، کە ئەمەش بە کێشەی نەبوونی دڵنیایی ئەژماردەکرێت بە تایبەتی لە نێوان هەردوو تاوانی زیان و مەترسی. زیاد لەمەش کێشەی هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندی گشتی و ماف و ئازادییەکان لەگەڵ بوونی کەم و کورتی پەیوەست بەخودی تاوانەکان، هەروەها ناهاوسەنگی لەسزای ڕەفتارە جۆربەجۆرەکان بە بەراورد پەیکەربەندی دامەزراوەکان کە مەترسی لەسەر دامەزراوەکانی سەروتر کاریگەری زیاتری هەیە لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی بە بەراورد بە دامەزراوەکان خوارەوتر بە پێی پلە بەندیان. لە لایەکی تر ئاستی مەترسی لە کردارێکی تاوانکارییەکان جیاوازە لە تاوانێک بۆ تاوانێکی تر، بەڵام یاسادانەر یەک سزای لە یاساکەدا بڕیارداوە، هەروەها کێشەیەکی تری ئەو یاساییە لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە صیاغەی ماددەی یەکەم کە بەربڵاوی لە چەرەسەری یاسایی بۆ تاوانەکانی دژی دامەزراوەکانی هەرێم بەهۆی بوونی هەڵەی تەکنیکی و یاسایی لە بونیادی دەقەی یاسایی پەیوەست بە بابەتی پاراستن، و لەلایەکی تر تێکەڵیکردن لە نێوان ئەو تاوانانەی کە مەترسین بۆ سەر ئاسایشی

دەرەکی، و ئەو تاوانانەی مەترسین بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆیی هەرێم، کە ئەمەش وا دەکات پێویستی بە هەموار کردن بێت لەم ڕووەوە.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوە ئاشنابونە بە تاوانەکانی دەستدرێژین بۆ سەر دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی یاسای لە یاسای ژمارە٢١ی ساڵی٢٠٠٣ لە پاراستنی دامەزراوەکانی هەرێم، و هەڵاوێرکردن و شرۆڤەکەدنی دەقی یاسای ناوبراو لە شێکردنەوەی تاوانکان و ڕادە و ئاستی پابەند بوونی یاسادانەر بە بنەماکانی تاوانکاری و سزاسازی لەم یاسایەدا.

## پرسیاری توێژینەوە

پرسیاری توێژینەوە خۆی لە چەند پرسیارێک دەبینێتەوە لەوانە: هەڵوێستی یاسایی لە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی٢٠٠٣ چۆنە لە پاراستنی دامەزراوەکانی هەرێم؟ تاچەندا یاسادانەر سەرکەوتووبوە لە داڕشتنی دەقی یاسایی ئەم یاسایە؟چوارچێوەی ئەو کردارە تاوانییانە کامانەن کە دەکەونە بەر ڕۆشنیای ئەم یاساییە؟ ڕادەی ج بەجێکردنی ئەم یاسایە لەسەر کێشەکان و لە دادگاکان چۆنە؟ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکەی سەبارەت بە توێژینەوە کە لەکاتی نوسینی توێژینەوە هەڵی وەڵامدانەوەیان دەدرێت.

## چوارچیوەی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا چوارچیوەی توێژینەوە تەنیا خۆی لە شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی٢٠٠٣ ماددەی یەکەم بەرکار لە هەرێمی کوردستان دەبینێتەوە.

## میتۆدی توێژینەوە

بە بەمەستی باشتر هەڵسەنگاندن و هەڵاویکردنی کردارە تاوانیا جیاجیاکانی پەیوەست بەم یاساییە و شێکردنەوەی دەقەکە ، بۆیە هەوڵدراوە سود لە چەند میتۆدێک وەربگیردرێت لەوانە :میتۆدی وەسفی بە بەمەستی خستنەڕووی بابەتەکە و ڕەهەندەکان و بابەتەکانی پەیوەستدار، هەروەها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میتۆدی شێکاری کە لەم توێژینەوە سودی لێ وەرگیراوە لە پێناو باشتر شیکارکردن و ئاشنابوون بە تاوانەکانی چوارچێوەی ئەم یاساییە، وە هەروەها میتۆدی Black Letter Law بۆ ئاماژەکردن بە دەقی یاسایی.

## پێکهاتەی توێژینەوە

هەوڵدراوە ئەم توێژینەوەیە بەسەر سێ بەشدا دابەش بکرێت. کە لە بەشی یەکەمدا سروشت و بەرژەوەندی پارێزراوە لە تاوانەکانی دژی دامەزراوەکانی هەرێم دەخرێتە بەرباس، لە بەشی دووەمدا کۆڵەگەکانی ئەم تاوانە شیدەکرێنەوە بە پشتڕاستکردنەوە بە بڕیارە دادوەرییەکان، هەروەها لە بەشی سێیەمدا بەراوردێک لە نێوان ماددەی ١٥٦ی یاسای سزادان کە لە کوردستان هەموارە بە ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٣ دەکرێت لەگەڵ خستنە ڕووی سزای یاسایی ئەم تاوانە لەم یاسایەدا، وە لە کۆتایشدا دەرئەنجام و پێشنیارەکان دەخرێنەڕوو.

## ١. سروشت و بەرژەوەندی پارێزراو لە تاوانەکانی دەستدرێژی بۆ سەر دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانی_عێراق

دامەزراوەکان کەسایەتی واتاییان هەیە و رەنگدانەوەی سیستەمی فەرمانڕەواین لە دەوڵەت و هەر دەستدرێژی کردن و زیان گەیاندنێک بەم دامەزراوانە مەترسی لە سەر ئاسایشی ناوخۆی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی دروستدەکات. کە لەم بەشدا لە دوو تەوەرەدا باسی سروشت و بەرژەوەندی پارێزراو لە پاراستنی دامەزراوەکان لەو دەستدرێژیانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە دەکرێت.

### ١.١ سروشتی تاوانەکانی دژی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان_عێراق

بە شێوەیەکی گشتی تاوانەکانی دژی دامەزراوەکانی هەرێم سروشتێکی فرەلایەنی هەیە لە وانە، لەڕوو تاوانی ئەنقەست و هەڵە هەروەکو لەدەقی ماددەی یەکەم یاساکەدا هاتووە تاوانێکی ئەنقەستە و پێویستی بە هاتەدی مەبەستی تاوانکارییە کە کۆڵەگەی دەروونی تاوانی ئەنقەست بەبێ بوونی زانین و ویست نایەتەدی، لەلایەکی تر ئەم تاوانە بەشێوەی تاوانی هەڵە پێشبینیکراو نییە، چونکە پێویستی بە خۆ ئامادەکاری و بیرکردنەوە لە چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکەوە هەیە.

هەوەها لەڕووی تاوانی مەترسی و زەرەر دەکرێت بڵێن کە یاسادانەر بەجۆرێک ئەم تاوانەی دارشتووە کە سروشتێکی تێکەڵی هەیە کە دەکرێت تاوانی زیان بێت، هەروەها دەکرێت تاوانی مەترسی بێت، لەبەر ئەوەی بە وردبوونەوە لە دەقی ماددەکە دەبینین کە یاسادانەر لەسەرەتادا باسی زیانگەیاندن بە سەروەری دامەزراوەکان دەکات، ئەمەش مانای وایە کە ئەم تاوانە دەرئەنجامی هەیە. لەبەشی کۆتای ماددەکەدا هاتووە کە هەر کارێک ببێتە هۆی ئەوە کە ئەمەش مانا و مەبەست و شرۆڤەی بەرفراوان لە مەودای تاوانسازیدا بەخۆوە هەڵدەگرێت، کە بەجۆرێک تەنیا بە دروستبوونی مەترسی لەسەر دامەزراوەکان ڕەگەزەکانی ئەم تاوانە دێتەدی. چونکە چەمکی سەروەری کە یاسادانەر بۆ دامەزراوەکانی بەکارهێناوە وەتا خاوەندارێتی تەواو بۆ دەسەڵات و دامەزراوەکان و پاراستنی لە هەر جۆرە دەستێوەردانێک و جێبەجێکردنی یاساکان لە تەواوی هەرێم، دانانی دەستوور و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دامەزراوەکان (هادي مهنا,٢٠٢٣،ل ٨٣). لە لایەکی تر تاوانێکی ئەنقەستە کە بریتییە لە کردەوەیەکی ماددی ئەنقەست بۆ هێنانەدی ئامانجێکی تاوانکاری بە ویستی تاوانبار بەبێ لەبەر چاوگرتنی دەرئەنجامی تاوانکاری ، کەواتە تەنیا بەئەنجامدانی کردەوە تاوانیەکە مەترسیەکە دێتەدی کە بریتییە لە دروست بونی کاریگەری دەرونی مەترسیدار لەسەر کۆمەڵگە و دروستبوونی مەترسی لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی (الفاضل,١٩٦٣،ل٢٢). کە لێرەدا دروستبوونی مەترسییە لەسەر سەروەری دامەزرواوەکانی هەرێمی کوردستان لەم تاوانە دا، هەروەک لە کۆتای ماددەکەش داهاتووە ئەگەری دروستبوونی زیان بۆسەر دامەزراوەکانی هەرێم، بە تاوانێکی ڕووالەتی دادەنرێت کە بەتەنیا بە ڕەفتارە تاوانیەکە مەترسیەکە دێتەدی.

هەروەها ئەم تاوانانە بە تاوانی دژی ئاسایشی ناوخۆی دادەنرێت کە مەبەست لە تاوانی دژی ئاسایشی ناوخۆ ئەو تاوانانەن کە دەستدرێژین بۆسەر سیستەمی فەرمانرەوایی و دامەزراوەکان وزیان گەیاندن بە دامەزراوە دەستوورییەکان(عالية،١٩٩٩،ل١٤). هەروەک لە ماددەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە ئەنجامدانی کارێک کە زیان بە دامەزراوەکانی وڵات بگەیێنێ هەروەها ئەم تاوانانە هەرچەندە زۆر جار بە مەبەستی سیاسی دەکرێن و بەمەستی گۆڕینی واقعی کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەوایی وا دەردەکەوێت مەبەستی ئەنجامدەر پێشێلکاری مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگایە، بەڵکو دژی دامەزراوە و بەرژەوەندی حکومەت ئەنجامدەدرێن(الملك، ل٨٨)بەڵام لە ئێستادا فقهی یاسایی تاوانکاری سیفەتی

سیاسی وەرگرتووە لەسەر ئەم تاوانانە، ئەمەش لەبەر گەورەیی مەترسی ئەم تاوانانە لەسەر کیانی دەوڵەت و حکومەت و لەلایەکی تر زیادبوونی ئاژاوەگێری و کرداری تێکدەر و تیرۆری(ابراهیم، ١٩٩٦،ل٢١)هەر بۆیە یاسادانەری عێراقی لە ماددەی(٢١برگەیە١) ئەو تاوانانە کە دژی ئاسایشی ناوخۆیین بە تاوانی سیاسی هەژمارنەکردوون ئەگەر بە پاڵنەر و ئامانجی سیاسی ئەنجامنەدران.

## ١.٢ بەرژەوەندی پارێزراوە لە تاوانەکانی دژی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق:

ئەرکی یاسادانەر لە پاراستنی ماف و بەرژەوەندیە یاساییەکان جیاوازە کە بەرژەوەندی پارێزراو کۆمەڵێک لایەن دەگرێتەوە ئەمەش لە ئەنجامی دەرخستنی ئەو ڕەفتارەی زیانەکەی گەیاندووە دەردەکەوێت. کە یاسادانەر هەموو بەرژەوەندیە پارێزراوەکانی لە چوارچێوەی سیستەمێکی یاسایی دیاری کراو کۆکردوونەتەوە .لەبەر ئەوەوی ئەو تاوانانەی زیان بە ئاسایشی وڵات دەگەیێنێت زیان بە متمانەی گشتی دەگەیێنێت کە ئەمەش بۆتە بنەمایەک کە یاسادانەر ئەم ڕەفتارو کردەوانە بە تاوان دابنێت، بەمەش بەرژەوەندی لە تاوانی ئاسایشی ناوخۆ ودامەزراوەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی ئەو ڕەفتارانەی کە زیان بە ئاسایش و سەقامگیری هاوڵاتیان و وڵات دەگەیێنێت، بۆیە لە ڕێگای یاسای تاوانکاری ئەم کردەوانەی بە تاوان داناوە، بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی، و سیستەمی( ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئابووری )و پاراستنی ماف وئازادییەکان کە ئامانجی سیاسەی یاسای تاوانکارییە بەمانایەکی تر بەرژەوەندی لەو تاوانانە تەنیا بۆ سودی کەسی نین بەڵکو لە بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی قەوارەی وڵات و ئاسایش و سەقامگیریی و ئارامی گشتی خۆی دەبینێتەوە (علوان,٢٠٢١,ل٥٤٢). بۆیە سیاسەی تاوانی کە یاسادانەر سیستەمی یاسایی تاوانی لەسەر بنیاتناوە ڕەنگدانەوەی پێویستی و بەرژەوەندی و بەها گرنگەکانی کۆمەڵگا و وڵاتە، و گرنگیدان بەو بەهایانە، مەبەست لێی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی وڵات و بەردەوام بوونی دامەزراوەکان لە ڕێگای چاودێریکردنی ئەو ڕەفتارانەیە کە مەترسیین بۆ سەر دامەزراوەکان، هەروەها ئامانجی یاسادانەری تاوانی پاراستنی بنەما و بەرژەوەندی و پرنسیپە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگا و وڵاتە بە شێوەیەکی گشتی(زینل،٢٠١٤،ل٣٦). کەواتە بەرژەوەندی پارێزراو لەم تاوانانە بەرژەوەندی گشتیە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەدەربڕینێکی تر ئامانجی یاسادانەر پاراستنی بەرژەوەندی گشتیە لە پیشاندان و خستنە ڕووی ئەو مەترسیە، و ئەو بەرژەوەندیە وا لە یاسادانەر دەکات کە هەموو چالاکیە مەترسییدارەکان بەتاوان دابنێ، بۆیە بەرژەوەندی لە پاراستن و بە تاواندانان لە تاوانەکانی ئاسایشی ناوخۆیی وڵات پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی و ئارامی مانەوە و پاراستنی قەوارەی وڵاتە، کە ئەمەش ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندیە بنەڕەتیەکانی وڵاتە پەیوەست بە بوون و ڕێکخستن و یەکێتی وڵات. و بەرژەوەندی پارێزراو هۆکاری بوونی بەیەکەوە بەستنی لە نێوان ڕێسا یاساییە گرنگە پارێزراوەکانی کۆمەڵگەیە(الشمري& عبد ٢٠٢١ .ل١٨٤).

## ٢. کۆڵەگەکانی دەستدرێژی تاوانی ئەنقەست بۆ سەر دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان _ عێراق (یاسای ژمارە٢١ی ساڵی٢٠٠٣)

مەبەست لەم تاوانە بە گوێرەی ماددەی (١)ی لە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی٢٠٠٣ هەمواری ماددەی (١٥٦) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی١٩٦٩ ئەنجامدانی کارێک یان تێوەگلان لە کارێک بە شێوەی ئەنقەست بە بەمەستی زیانگەیاندن بە ئاسایش و سەقامگیریی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان ببێتە هۆی کەوتنەوەی زیان، جا تێوەگلانەکە دەکرێت بەڕێگای ڕێکەوتن یان یارمەتی، هاندان بێت بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە(یاسای ژمارە٢١ی ساڵی ٢٠٠٣ ماددەی١) لەم بەشەدا باسی ئەو تاوانە دەکرێت کە دەستدرێژ و زیانگەیاندنە بە دامەزروەکانی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی٢٠٠٣. کۆڵەگەکانی تاوانەکە بە شێوەیەکی ورد و فراوان ڕووندەکرێنەوە، بەهەردوو کۆڵەگەی ماددی دەروونی دەخرێنە بەرباس، هەروەها هەوڵدان بۆ تاوان(شروع) لە تاوانەکانی دژی دامەزراوەکانی هەرێم شێدەکرێتەوە. ئەم بەشە بەسەر سێ تەوەرەدا دابەش دەبێت لە تەوەرەی یەکەم کۆڵەگەی تایبەتی ڕووندەکرێتەوە وە لە تەوەرەی دووم کۆڵەگەی ماددی تاوانەکە، لە تەوەرەی سێیەم کۆڵەگەی دەروونی تاوانەکە باسدەکرێت.

### ٢.١ كۆڵەگەی تایبەتی-شوێنگەی ئەنجامدانی بابەتی تاوان:

دامەزراوەكان كە كاروباری ناوخۆیی دەوڵەت بەڕێوەدەبەن و كەسایەتی واتاییان هەیە و لەڕووی كارگێڕیی ودارایی سەربەخۆن و ڕێكخستنی دەستووری و یاساییان هەیە، ئامانجیان هێنانەدی بەرژەوەندی گشتیە، هەروەها ئامرازی گەرێنتی هێنانەدی پابەند بونن بە سیاسەتی گشتی، كە دامەزراوەكان لەسەر ئاستی باڵا كاروباری سیاسی ئەنجامدەدەن و بڕیارو ڕێنمای بۆ دامەزراوەكانی خواروتر دەردەكەن بۆ بەڕێوبردنی كاروبارەكانیان لە ناوخۆیی دەوڵەت، و لە ڕووی كارگێڕیی و دارایی و هونەری سەربەخۆن(نوع،٢٠٠٨،ل٥٥_٥٦).

لێرەدا شوێنی ئەنجامدانی تاوان بریتییە لە دام و دەزگاكانی هەرێمی كوردستان بەو مانایەی ئەنجامدانی تاوانەكە لە دژی دامەزراوەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق، كە خۆی لە هەرسێ دامەزراوەی یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەری دەبینێتەوە. لە لایەكی تر یاسادانەری كوردستانی لە داڕشتنی ماددەكە جەخت لە ( ئاسایشی )دامەزراوەكانی هەرێم دەكاتەوە پێویستە تایبەتمەندی و كاری دامەزراوەكان پارێزراوبێت، بەجۆرێك پاراستنی تەواوی زانیارییەكان پەیوەستدار بە دامەزراوەكان كە لێرەدا لەنێوانیشیاندا دەكرێت دامەزراوەی هێزەكانی پێشمەرگە و ئاسایش و ناوخۆ و بەرگری لە كوردستان.

كەواتە مەبەست لە زانیاری سەربازی تەواوی ئەو نێهنیانەی پەیوەستن بە هێزەكان لەكاتی ئاشتی و جەنگ، یان زانیاری سیاسی كە پەیوەستە بە كاروباری ناوخۆیی حكومەت(سرور، ٢٠١٦، ل٧٢_٧٣ ) ، یاخود زانیاری سەبارەی بە چالاكیە ئابووری وداراییەكان كە مەبەست لێیان ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی بۆ سەر ئەو چالاكیانەی كە سروشتێكی ئابووریان هەیە (سرور،٢٠١٦، ٧٣) .

### ٢.٢ كۆڵەگەی ماددی

بە گوێرەی ئەم دەقەی سەرەوە بریتییە لەڕەفتارێكی تاوانكاری ماددی تاوانی كە ڕووكاری دەرەكی دەگرێتەوە، جا كردەوەیەكی ئەرێنی بێت یان نەرێنی (ماددە ٢٨ لە یاسای سزادانی عێراقی). لەبەر ئەوەی مرۆڤ تەنیا لەسەر بیركردنەوە و نیەت سزا نادرێت بەڵكو پێویستە لە ڕەفتاری دەرەكی ڕەفتارێكی زەرەرمەند یان مەترسیدار هەبێت، واتا مەبەست لە كۆڵەگەی ماددی ئەوەیە تاوانبار كارێك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنجامبدات کە دەربڕی نیەتی بێت، بۆ بەدی هێنانی یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی کە تێکدان و دەستدرێژی بێت بۆ سەر یەکێک لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، بەمەش لێرەدا کردارە تاوانییەکە و ئامانجی تاوانبار بەدی دێت ئەگەر دەستدرێژیەکە بۆسەر سەروەری یان ئاسایشی دامەزراوەکان بێت، یان سەقامگیریی دامەزراوەکان، کە لێرەدا یاسادانەر چەمکی(تێوەگلان) یاخود (مساس)ی بەکارهێناوە کەمەبەست لێی هەر کردارێک یان هەڵسوکەوتێک کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاربکاتە سەر سەربەخۆ و سەقامگیریی دامەزروەکان.(یاسای ژمارە٢١ی ساڵی٢٠٠٣، ماددەی ١ )کەواتە لێرەدا یاسادانەری تاوانکاری ئەم دەستەواژەی بەشێوەیەکی ڕەها و فراوان داڕشتووە و سروشتی ئەم تێوەگلانەی دیاری نەکردووە، بۆیە دەسەڵاتی دادوەری لێرەدا دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە بۆ ڕەڤەکردنی تاوانەکانی پەیوەستدار بەم چەمکە، بە شێوەیەکی گشتی کۆڵەگەی ماددی لە سێ ڕەگەز پێکدێت کە خۆی لە ڕەفتاری تاوانکاری و دەرئەنجامی تاوانکاری و پەیوەندی هۆکاریەتی لە نێوان ڕەفتار و دەرئەنجامبدا دەبینێتەوە.

یەکەم-ڕەفتاری تاوانکاری:

ڕەفتاری تاوانکاری: ئەمەش بریتییە لە ئەنجامدانی کردارێکی ئەرێنی یان نەرێنی کە یاسا بەتاوانی داناوە(ماددە١٩/٤یاسای سزادانی عێراقی ژمارە١١١ی ساڵی١٩٦٩) کە کرداری ئەرێنی بەکارهێنانی یەکێک لە ئەندامانی جەستە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە، و مەرج نیە تاوانێکی ڕێکخراوبێت دەکرێت کردارەکە لەلایەن یەک کەس ئەنجامبدرێت، هەروەها مەبەست لە کرداری نەرێنی هەڵنەستان بە ئەنجامدانی کارێک. و کرداری تاوانکاری لەو تاوانەدا بریتییە لە ئەنجامدانی کارێکی ئەنقەست بە مەبەستی زیانگەیاندن بە دامەزراوە کانی هەرێم و ئاسایش و سەروەریان، هەروەک لەدەقی ماددەکە دا هاتووە ئەنجامدانی کارێک بەو مانایەی پێشبینیناکرێت بە رەفتاری نەرێنی تاوانەکە ئەنجامبدرێت، بەڵکو هەڵستان بە کارێک، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە کارێکی ئەرینیە. هەروەک لە دەقی ماددەکە هاتووە بە ئەنەقەست ئەنجامدەدرێت، هەروەها یاسادانەر دەستەواژەی(المساس) بەکارهێناوە لێرەدا یاسادانەر مانای زیانەکەی دیارینەکردووە بەڵکو ئەنجامدانی هەرکارێک یان ڕەفتارێک کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زیان بە سەروەری و سەربەخۆی دامەزراوەکانی هەرێم بگەێنێت کە دەکرێت بە ئامرزای جۆرا جۆر ئەنجامبدرێت، چونکە یاسادانەر هیچ ئامرازێکی دیارینەکردووە بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنجامدانی کردارە تاوانیەکە(یاسای ژمارە٢١ی ساڵی٢٠٠٣، ماددەی ١). هەروەها لێرەدا یاسادانەر دەستەواژەی هەرکەسێک(کارێک)بکات، کە ئەمەش بە ڕەهایی هاتووە بەو واتایەی یاسادانەر ڕوونی نەکردۆتەوە کە چ کارێک؟هەروەها شێواز و کاتی ئەنجامدانی ئەوکارانە؟لێرەدا دیاری نەکردووە.سەرەڕای ئەمەش لە خودی پێناسەی کار لە یاسای سزادانی عیراقی ماددەی٤/١٩ بەم شێوەیە پێناسەی کاری کردووە کە بریتییە لە (هەر هەڵسوکەوتێکی ئەرێنی یا نەرێنی وەک وازهێنان و مل نەدان کە یاسا بە تاوانی دانابێ مەگەر دەقێکی جیاواز لەمە هەبێت (یاسای سزادانی عیراقی ژمارە(١١١)ی ساڵی١٩٦٩ ماددە٤/١٩) . بەڵام هەر وەک لە دەقی ماددەی (١)ی یاساکە داهاتوو هەرکەسێک کارێک ئەنجامبدا، بەمەش پێویستە کردەوەیەکی ئەرێنی بێت بە دەربڕینێکی تر کردەوەی نەرێنی ناگرێتەوە. بەڵکو پێویستە هەستان بە ئەنجامدانی کارێک بێت، کە کردەوەیەکی ئەرێنیە بۆ هاتنەدی مەبەستی تاوانکاری لەم تاوانە و بە مەبەستی زیانگەیاندن بە ئاسایش و سەقامگیریی و سەروەری دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق .هەروەها دەکرێت ڕەفتاری تاوانکاری چەندین کرداری جۆراجۆر لەخۆبگرێت کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن، بۆ نموونە پەیوەندی کردن بە هێزە دەرەکیەکانی وڵاتانی دەرەوە بە مەبەستی ئەوەی سودێک لە لایەن ئەو وڵاتە پێشکەش بکرێت لە پاش دزەپێکردنی زانیاری بە هەر جۆرە زانیاریەک. ئەمەش ڕوون بۆتەوە لە بڕیارێکی دادگای تاوانی هەولێر/٢ بە ژمارە (٢٣٩/ج/٢٠٢١) لە بەرواری ٢٠٢١/١١/٢١ بە پێ ی ماددەی (١) لە یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی ٢٠٠٣ بە پەیوەندی کردنی تاوانبار بە یەکێک لە وڵاتانی دراوسێ بە مە بەستی پێدانی زانیاری نهێنی سەبارەت بە ئاسایشی هەرێمی کوردستان(بڕیاری دادگای تاوانی هەولێر/٢ بە ژمارە٢٣٩/ج/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/١١/٢١ ). هەروەها ڕەفتاری تاوانکارییەکە دەکرێت هەوڵدان بێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی دووژمنکارانە دژی هەرێم، یان دژی هێزەکانی پێشمەرگە، یان زیان گەیاندن بە چالاکیە سەربازیەکانی هەرێم، یان هەرکارێک زیان گەیاندنبێت بە پێگەی دبلۆماسی هەرێمی کوردستان، هەوڵدان بۆ پچڕاندنی پەیوەندی لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو وڵاتانەی پەیوەندی دۆستایەتیان لەگەڵ هەرێم هەیە، یان کردەوەکە دژی قەبارەی ئابووری، کشتوکاڵی، پیشەسازی بێت.ئەمان و چەندین ڕەفتاری تاوانکاری تر پەیوەست بەم بابەتە وەکو (پەیوەندیکردن بە هێزە چەکدارەکانی دوژمنانی کوردستان، هەڵگرتنی چەک دژی کیانی هەرێمی کورستان، پێدانی زانیار سەبارەت بە دامەزراوەکانی

هەرێمی کورستان بە دوژمنان یان وڵات ولایەنی بێگانە. ئەمەش پشت ڕاستە بە بڕیارێکی دادگای تاوانەکانی دهۆک/١ بەژمارە(٣٣٢/ج/٢٠٢١) لە ٢٠٢١/٥/٢٤ تایبەت بە دوو تاوانبار بە گوێرەی ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی٢٠٠٣ کە هەستابوون بە پێدانی هەواڵ زانیاری و پەیوەندی کردن بە لایەنێکی بێگانە، بەمەش دادگای ناوبراو بڕیاریدا بە سزادانی تاوانباران بۆ ماوەی چوار ساڵ لە بەرئەوەی کارێکی ئەنقەستە و وەها هەژماردەکرێت کە کارتێکەرە بۆ ئاسایش و سەقامگیریی ئارامی هەرێمی کوردستان (بڕیاری دادگای تاوانی دهۆک/١بەژمارە٣٣٢/ج/٢٠٢١ لە بەرواری٢٠٢١/٥/٢٤). شایەنی باسە (بڕیارەکە پێداچوونەوەی بۆکراوە لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی هەرێم بە ژمارە ٦٦/دەستەی گشتی سزایی/٢٠٢١) لە بەرواری ٢٠٢١/١٢/١٣) پەسەندی بڕیارەکە کراوە(بڕیاری دادگای پێداچونەوەی هەرێم بە ژمارە٦٦/دەستەی گشتی سزایی/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/١٢/١٣). هەروەها ڕەفتاری تاوانکاری دەکرێت یارمەتیدانی دوژمن بێت بەگوێرەی ئەم یاساییە بە مەبەستی لەناوبردنی کیانی هەرێم، ئاسانکاریکردن بۆ دوژمن بۆ هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی لەناوبردنی دامەزروەکان، تێکدانی ئامرازەکانی بەرگریکردن) دەکرێت بخرێتە چوارچێوەی تاوانکاری ئەو کردەوانە و ئەو یاسایە، بەمەش هەرکردارێکی تاوانکاری دژی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، بە هەموو پێکهاتەکانی دامەزراوەکان هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، ئەمەش چەندین کرداری جۆرا و جۆر و ئاشکرا یان شاراوە لە لایەن هەر کەسێک ئەنجامبدرێت کە ئەگەری هاتنەدی دەرئەنجامی تاوانکاری هەیە بۆ سەر دامەزراوەکان لەوانە پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن یان هەر نوسینێک و چالاکیەک کە پێشبینی دەستدرێژیکردنی لێدەکرێت.

دووەم- دەرئەنجامی تاوانکاری: مەبەست لە دەرئەنجامی تاوانکاری بریتییە لەو دەرئەنجامەی لە ڕەفتارە تاوانیە مادديە دەکەوێتەوە کە لێرەدا دەرئەنجامی تاوانکاری دروست دەبێت بە هەرکردارێک کە زیانگەیاندن بێت بۆ سەر بەرژەوەندیەک کە دەکرێت مەترسی بێت هەروەک و لە دەقی ماددەکە هاتووە ببێتە هۆی کەوتنەوەی زیان وە دەکرێت زیانەکە ئەگەری (ئیحتیمالی) بێت بەڵام بەتەنیا ئەنجامدانی کردەوەکە دەبێتە هۆی درووستبوونی مەترسی لەسەر دامەزراوەکانی هەرێم، یاخود زیانی ڕاستەقینەوکردەی بێت بۆ سەر دامەزراوەکانی هەرێم.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چونکە جێگای ئاماژە کردنە کە لە داڕشتنی ماددەکە لە یاسای ناوبراو هاتووە کە دەکرێت تاوانەکە بەرجەستە بێت بەبێ چاوەڕوانی ڕوودانی دەرئەنجامی تاوانکاری، هەروەک لە کۆتای ماددەکەدا یاسادانەر دەڵێت(بە مەبەستی زیاندان لە ئاسایش و سەقامگیریی و سەروەریی دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق یا ببتە هۆی کەوتنەوەی ئەوزیانە(یاسای ژمارە٢١ی ساڵی٢٠٠٣ ماددەی١) . بۆیە لە دەقەکە دەردەکەوێت بۆ هاتنەدی تاوانەکە مەرج نیە زیانی ڕاستەقینە ڕووبدات بەڵکو دەکرێت تەنیا بە بوونی مەترسی لەسەر دامەزراوەکانی هەرێم .یاخود زیانی ڕاستەقینە و کردەیی بێت بۆ سەر دامەزراوەکانی هەرێم، چونکە جێگای ئاماژە کردنە کە لە داڕشتنی ماددەکە لە یاسای ناوبراو هاتووە کە دەکرێت تاوانەکە بەرجەستە بێت بەبێ چاوەڕوانی ڕوودانی دەرئەنجامی تاوانکاری. هەروەک لە کۆتای ماددەکە دا یاسادانەر دەڵێت (بە مەبەستی زیاندان لە ئاسایش و سەقامگیریی و سەروەریی دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق یا ببتە هۆی کەوتنەوەی ئەو زیانە(یاسای ژمارە٢١ی ساڵی٢٠٠٣ ماددەی١) .بۆیە لە دەقەکە دەردەکەوێت بۆ هاتنەدی تاوانەکە مەرج نییە زیانی ڕاستەقینە ڕووبدات بەڵکو دەکرێت تەنیا بە بوونی مەترسی تاوانەکە بێتەدی. هەروەها لەم دەقەدا جیاوازی کراوە لە نێوان زیانی ڕاستەقینە و بەرجەستە لەگەڵ زیانی ئیحتیمالی کە مەبەست لێی مەترسیە، و زیانێکە هێشتا دروست نەبووە. ئێمە پێمان وایە کە یاسادانەری کوردستانی لە بەکارهێنانی دەستەواژەی ( لەوانەیە ببێتەهۆی ئەوە) لە دەقەکەکەدا مەبەستی هەردوو جۆر مەترسیە: واتا مەترسی ئێستا و پێشبینیکراو، مەبەست لە مەترسی ئێستایی ئە مەترسیەیە کە تیایدا فاکتەرەکانی ڕوودانی زیانی تیادا زاڵترە لە فاکتەرەکانی ڕوونەدان. و سەبارەت بە بوونی مەترسی یاخود نە بوونی بابەتێکە دەچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی تەقدیری دادگای تایبەتمەند.

سێیەم -پەیەوەندی هۆکاریەتی: مەبەست لێی بوونی پەیوەندی هۆکاریەتی لەنێوان ڕەفتار و دەرئەنجام، بەومانایەیی ئەو زیانەی کەوتۆتەوە لە ئەنجامی ئەوڕەفتارەبێت، کە لێرەدا ئەو مەترسی و زیانەی لەسەر ئاسایشی دامەزراوەکانی هەرێم دروستبووە لە ئەنجامی ئەو کردارە ئەنقەستە بێت، ئەمەش بۆ دیاریکردنی پەیوەندی هۆکاریەتی چەند تیۆرێک هەیە لەوان تیۆری یەکسانکردنی هۆکارەکان، تیۆری هۆکاری بەهێز، تیۆری هۆکاری گونجاو، کە یاسادانەری عێراقی بە تیۆری یەکسانکردنی هۆکارەکانی وەرگرتووە بۆ دیاریکردنی دەرئەنجامی تاوانکاری(نجم،٢٠٠٨،ل٢٠٨_٢١٦ ).

جێگای ئاماژە کردنە ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لە بڕیارێکی دادگای تاوانی هەولێر/٢ بە ژمارە (١٦٩/ج/٢٠١٨/٢)کە لە بەرواری ٢٠١٨/٤/١١ بڕیاری لێدەرچووە بە پێ ی مادده (١٥٦) لە یاسای سزادانی عیراقی هەموارکراو بە مادده(١) لە یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی٢٠٠٣ بە زیندانی کردنی تاوانبار بۆ ماوەی پێنچ ساڵ بە ئەنجامدانی کردەوەیەک لە لایەن تاوان بار لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی بیانی بە مەبەستی زیانگەیاندن بە ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان (بڕیاری دادگای تاوانی/٢هەولێر بەژمارە١٦٩/ج/٢٠١٨ لەبەرواری٢٠١٨/٤/١١). شایەنی باسە بڕیاری دادگای تاوانی ٢ی هەولێر لە بەرواری ٢٠١٨/٤/٢٤ لەبەردەم دادگای پێداچوونەوەی هەرێم تانەی لێدراوە، دادگای پێداچوونەوەی هەرێم بە بڕیاری ژمارە( ٨٤٧/دەستەی سزایی یەکەم /٢٠١٨) لە ٢٠١٨/١٢/٤ پەسەندی بڕیارەکەی کردووە(بڕیاری ژمارە٨٤٧/دەستەی سزایی/٢٠١٨لە بەرواری ٢٠١٨/١٢/٤). بەمەش تەنیا بە ئەنجامدانی کردەوەکە لە لایەن تاوانبار بەبێ لەبەرچاوگرتنی دەرئەنجامی تاوانکاری زیان یان بە دەربڕینێکی تر بەبێ لەبەرچاوگرتنی زیانی ڕاستەقیەنە و هاتنەدی زیانی کردەیی لە دەرئەنجامی تاوانکاری دادگا سزای زیندانیکردنی بەسەر تاوانبار دا سەپاندووە. هەروەها هەروەک باسمانکردن ئەم تاوانانە دەکرێت تاوانی زیان بن یاخود مەترسی و باسکردنی پەیوەندی هۆکاریەتی بۆ ئەو تاوانانەن گرنگە کە زیانی ڕاستەقینەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام لە تاوانە مەترسییەکان(ڕواڵەتیەکان) گرنگیەکی ئەو تۆی نابێت، چونکە بۆ ئەوەی پەیوەندی هۆکاریەتی دروستببێت دەبێت زیانەکە دروست ببێت، و لە ماددەی(١)ی یاساکەدا باسی پەیوەندی هۆکاریەتی نەکردووە بەڵام بۆ دیاریکردنی پەیوەندی هۆکاریەتی دەگەڕێینەوە بۆ ماددەی(٢٩)لە یاسای سزادانی عێراقی تیۆری یەکسانکردنی هۆکارەکان.

هەوڵدان بۆ تاوان(شروع) لە تاوانی دەستدرێژی بۆ سەر دامەزراوەکانی هەرێم:

مەبەست لێی بریتییە لە دەستپێکردن بە تاوان بە مەبەستی ئەنجامدانی تاوانێک یان کە تنێک و ڕاوەستان لە جێبەجێکردن بە هۆکارێکی دەرەوەی ویستی تاوانبار ، هەروەک لە مادده(٣٠) یاسای سزادانی عێراقی داهاتووە(یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ مادده٣٠) ، واتا کردارەکە جێبەجێدەکرێت بەڵام تەواونابێت (دەرئەنجامی) نابێت ئەمەش بەهۆکارێک پەیوەست بە خودی بابەتی تاوانەکە یان ئەو ئامرازەی بەکاری هێناوە لە تاوانەکە، کە ئەمەش پێی دەوترێت تاوانی ڕاگیراو یان بەئەنجام نەگەیشتوو. و نەهاتنەدی ئەو دەرئەنجامە تاوانیە کە تاوانبار دەیەوێت لە ڕەفتارە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تاوانیەکە بی هێنێتەدی(عبدالستار،١٩٨٧،ل٢٩٥). لە تاوانی دەستدرێژی بۆ سەر دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان شروع پێشبینیکراوە، و دەکرێت تاوانەکە بە ئەنجامنەگات ئەمەش لەکاتی جێبەجێکردنی تاوان لەبەرئەوەی تاوانێکی ئەنقەست هەروەک و لە دەقی ماددەکەدا هاتووە. و دەکرێت پلاندانان و بیرکردنەوە یان ئامادەکاری بۆ تاوانەکە بکرێت لەلایەن تاوانبار بەڵام تاوانەکە بەئەنجامنەکات .

هەروەها تاوانی دەستدرێژی بۆسەر دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت لە لایەن یەک تاوانبار ئەنجامبدرێت  هەروەک لە بڕیاری دادگای تاوانی ٢هەولێر بە ژمارە(٢٣٩/ج٢/٢٠٢١) ئاماژەکراوی پێشتر لە توێژینەوە داهاتووە کە تاوانباری تاوانەکە یەک کەسە، و پێشبینیدەکرێت لەلایەن چەند تاوانبارێک ئەنجامبدرێت لەڕێگای هاوبەشی و ڕیکەوتن یان هاندان، یارمەتی دان، ئەمەش پشت ڕاستکراوەتەوە لەپەڕاوی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کۆمەڵێک تاوانباران کە بەبڕیاری لێکۆڵینەوەی ژمارە(٢٦٢)لە ٢٠٢١/٤/٢٥ی دادگای  لێکۆڵینەوەی هەولێر ڕەوانەی دادگای تاوانی (٢) هەولێرکراوە بۆ دادگای کردنیان بەپێ ی ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە٢١ی ساڵی٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان کە بە ژمارە ١٢٦/ج٢/٢٠٢١) لە دادگای تاوانی هەولێر٢ تۆمارکراوە لە، ٢٠٢١/٧/٢٩ بەرواری دادگای کردن دانراوە وە لە ٢٠٢١/١٠/١٩ لە لایەن دادگای ناوبراو بڕیاری لێدەرچووە (بڕیاری دادگای تاوانی هەولێر/٢بەژمارە١٢٦/ج٢/٢٠٢١لە بەرواری٢٠٢١/١٠/١٩).

هەروەها بڕیاری دادگای تاوانی هەولێر٢ بە ژمارە( ٣٧٠/ج٢/٢٠٢١) لە بەروەری ٢٠٢٢/٣/٦ بڕیاری لێدەرچووە بە پێ ی ماددەی (١) لە یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی٢٠٠٣ سەبارەت بە تاوانباران کە ژمارەیان (٤)کەس بووە بە مەبەستی زیانگەیاندن بە ئاسایش و سەقامگیریی دامەزراوەکانی هەرێم، کە پەڕاوەکە لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بەژمارە(٩٧٩)لە٢٠٢١/١١/٢ ڕەوانەی دادگای تاوانی ٢ی هەولێرکراوە(بڕیاری دادگای تاوانی هەولێر/٢ بەژمارە٣٧٠/ج٢/٢٠٢١لە بەرواری ٢٠٢٢/٣/٦.

### ٢.٣  کۆڵەگەی دەروونی

مە بەست لە کۆڵگەی دەرونی تاوان بریتییە لە بوونی پەیوەندی دەروونی تاوانبار لەگەڵ ڕەفتارە تاوانیەکە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە، کە ئەمەش دەبێتە دوو بەشی سەرەکی مەبەستی تاوانکاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنقەست و تاوانی هەڵە؛ ئەم تاوانە هەروەک لە دەقی ماددەکە هاتووە بە ئەنقەست ئەنجامدەدرێت کە لە تاوانی ئەنقەست خۆی لە ویست و زانین دەبینێتەوە، و تاوانی ئەنقەستیش بە کرداری هەڵە پێشبینیناکرێت، چونکە پێویستی بەویست و زانینە هەروەها بیرکردن و ئامادەکاریە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە(البريسة،٢٠٢١،ل٤٣) . و ڕەگەزەکانی تاوانی ئەنقەست بریتیین لە زانین و ویس؛ مەبەست لە زانین: بریتییە لە لایەنێکی فکری لە لایەن تاوانبار بەوەی کە زانینی هەبێت کە ئەو ڕەفتارە تاوانە و ئەو مافەی دەستدرێژی کردۆتەسەر لەگەڵ زانین بە بارودۆخ و کاتی ئەنجامدانی تاوان، هەروەها دەبێت ئەنجامدەر یاخود بەشداربوو بزانێت کە دەسدرێژی دەکاتە سەر دامەزراوەکان و کاریگەری هەیە لەسەر بەردەوام بونیان، و مەترسی لەسەر کۆی پرۆسەی ئیداری و سیاسی و حوکمرانی هەرێم دروستدەکات، و بەرژەوەندیە باڵاکانی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسیەوە، هەروەها شیاویەتی تەواوی هەبێت و بەرپرسیاریەتی تاوانی هەبێت لەو تاوانەدا تاوانبار بزانێت ئەو ڕەفتارە تاوانیەی ئەنجامیدەدات زیان و مەترسی لەسەر دامەزراوەکانی هەرێم دروست دەکات.

هەروەها وەیست: کە ئەمەش پەیوەندارە بەلایەنی دەروونی تاوانبار کە هێزێکی دەروونیەکە پاڵ بە تاوانبارەوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی تاوان کە لە تاوانی ڕواڵەتی مەبەستی تاوانبار هاتنەدی مەترسیە و لە تاوانی ڕەفتاری هاتنەدی زیانە. کە ویست و زانین بریتیین لە مەبەستی تاوانکاری گشتی لە لایەن تاوانبار و هاتنەدی دەرئەنجامی تاوانکارییە لەو تاوانە. ( روابح ،٢٠١٨_٢٠١٩،ل٩٢_٩٥).

مەبەستی تایبەتی لە تاوانەی دەستدرێژی بۆ سەردامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان:

بریتییە لە ئامانج و پاڵنەر و مەبەستێکی دیاریکراو کە تاوانبار لە ڕەفتارە تاوانیەکە دەیەوێت بیهێنێتەدی، چونکە مەرجی بە تاوانداننان بۆ هەندێک کردار تەنیا لە ویست و زانین کۆتایی نایەت بەڵکو لەسەروی ئەوانەشەوە مەبەستێکی تر لەلایەن تاوانبار، کە ئەمەش لەئەنجامی بوونی کۆمەڵێک کاریگەری جیاواز لەسەر تاوانبار کە پاڵی پێوەدەنێت بۆ ئەنجامدانی تاوان هەروەها هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو لە تاوانەکە(الحديثي،الزعبي،٢٠٠٩،ل١٨٦_١٨٩). لێرەدا مەبەستی تاونکاری تایبەتی لەم تاوانەدا دروستبوونی زیان و تێکدان و کارتێکردن بۆسەر ئاسایش و سەروەری دامەزراوەکانی هەرێم و بەرژەوەندیە باڵاکانی هەرێمی کوردستان و تێکدانی ئاسایش و سەقامگیریی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان هەروەها ئامانجی یاسادانەر بە ئامانج گرتنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئابووری و سیاسی و بێ هێزکردنی پێگەی دامەزراوەکان و بەڕێوەچوونی کاروبارەکانیان، وتێکدانی سەقامگیری گشتی.

هەروەها یاسادانەر لە هەمانکاتدا دەستەواژەی سەروەری دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان وەکو شوێنگەی تاوان ناوهێناوە، ئەمەش مەبەست لێی دورخستنەوەی هەژمون و باڵادەستی دەوڵەتان یاخود ڕێکخراوە بیانیەکان لەسەر حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە، چونکە دامەزراوە دەستووررییەکان باڵاترین دەسەڵاتن کە پێویستە ئازاد و سەربەخۆبن لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حوکمرانیدا. کەواتە مەبەست لە سەروەری دامەزراوەکانی هەرێمی کورستان لە ڕووە سزاییەکانی ئەم مادده بریتییە لە هەر کردەوەیەک کە دەستێوەردان بێت لە کاروباری ناوخۆی و دەرەوە و فۆڕمی حوکمرانی و دانانی یاساکان.

## ٣. بەراوردی نێوان ماددەی (١٥٦) یاسای سزادانی عێراقی کە هەموارکراو لە هەرێم بە ماددەی (١) لە یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی٢٠٠٣ و سزای تاوانی دەستدرێژی بۆ سەر دامەزراوەکانی هەرێم

لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت بەراوردێک بکرێت لەنێوان هەردوو ماددەی (١٥٦)ی یاسایی سزادانی عێراقی و ماددەی (١)لە یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی٢٠٠٣ی هەرێم کە ناهاوسەنگی و نالێکچوون هەیە لە نێوان ئەم دوو دەقە ، لە تەوەرەی یەکەمدا. و لە تەوەرەی دووەمدا سزای تاوانی دەستدرێژی بۆ سەر دامەزراوەکانی هەرێم دەخرێتەڕوو.

### ٣.١ بەراوردی نێوان ماددەی (١٥٦) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە(١١١)ی ساڵی١٩٦٩ لە کوردستان هەموارکراوە بە ماددەی (١)لە یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی٢٠٠٣

جێگای ئاماژەکردنە کە ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان هەموارە بۆ ماددەی (١٥٦)ی یاسای سزادانی عێراقی کە تێیدا هاتووە(( هەرکەسێک بەدەستی ئەنقەست و بەهەر شێوەیەک بێ لە کارێک تێوەگلابێت بە مەبەستی زیاندان لە ئاسایش و سەقامگیریی و سەروەری دام

و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان_-عێراق و ببێتە هۆی کەوتنەوەی ئەو زیانە بە بەند کردنی کاتی یان تاهەتای سزادەدرێت.))
لە ماددەی(١٥٦)دا هاتووە ((سزادەدرێت بە لەسێدارەدان ئەوەی بەئەنقەست کارێک بکات بە مەبەستی زیان گەیاندن بە سەروەری دەوڵەت یان یەکێتی و یەک پارچەی خاک و سەلامەتی یان هەر کارێک وای لێبکات ببێتە هۆی ئەوە)).

ئەگەر بەراوردێکی ئەم دوو ماددەیە بکەین دەردەکەوێت بەتەواوی مانا و تێگەیشتن لەیەکتری جیاوازن بە جۆرێک ئەگەر ماددەیەک بە مادەیەکی تر ، یان یاسایەک بە یاسایەکی تر هەمواربکرێت پێویستە ڕێکخستنەوەی هەمان بابەت و تێگەیشتنی هەبێت، بەڵام ئەم دوو ماددەیە تاڕادەیەکی زۆر جیاوازیان لەنێوان دا هەیە. بەشێوەیەک ناکرێت ماددەی یەکەم یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٣ هەمواربێت بۆ ماددەی (١٥٦) لەبەر ئەم لایەنانەی خوارەوە:

١_ ماددەی (١٥٦) برتیيە لە تاوانی زیانگەیاندن بە ئاسایشی دەرەکی وەیاسادانەر لە تاوانەکانی ئاسایشی دەرەکی باسی کردوون. کە مەبەست لە ئاسایشی دەرەکی زیانگەیاندن و دەستدرێژی بۆسەر یەکپارچەی خاک و سەروەری و سەربەخۆی و سەقامگیریی و بە ئامانج گرتنی کیانی دەوڵەت. وەک تاوانی ناپاکی، سیخوڕی .هەر بۆیە چوارچێوەی یاسایی پاراستنی تاوانکاری لەم ماددەیەدا جیاوازە بە بەراورد بە ماددەی یەکەم لە یاسای هەرێمی کوردستان، چونکە لە ماددەی(١٥٦) باس لە پاراستنی سەربەخۆیی وڵات و سەروەری و دوور خستنەوەی دەستێوەردانی دەسەڵات و دەزگا و وڵاتێکی بیانی بەسەر عێراق، بە بەمەستی پاراستن و پارێزبەندی دەوڵەتی عێراق لە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، و سەربەخۆیی هەرێمی دەوڵەتی عێراق کە دەوڵەت تایبەتمەندییەکانی خۆی تێدا ئەنجامدەدات( الاعظمي ،٢٠٠٠،ل١٤) . بەڵام ماددەی یەکەم یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵ٢٠٠٣ بریتییە لە تاوانەکانی دژی ئاسایشی ناوخۆ، لەبەرئەوەی دژی سیستەمی فەرمانڕەوایی و دەستووری و دەسەڵات و دامەزراوەکان لە ناوخۆی وڵات ڕوودەدەن وبە مەبەستی زیانگەیاندن بە سیستەمی ڕامیاری و کۆمەڵایەت، هەروەها زیانگەیاندن بە ئاسایش و سەقامگیریی هەرێم وەک تاوانی پلانگێری، دوژمنکاری چەکداری، تیرۆرستی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢_ماددەی (١٥٦) لەبەرئەوەی تاوانی دژی ئاسایشی دەرەکین بە تاوانی سیاسی دانانرێت، چونکە بە مەبەستی رامیاری وپاڵنەر و ئامانجی ڕامیاری ئەنجامنادرێت زیانگەیاندنە بە کیانی دەوڵەت بەڵام مادەدی یەکەم لە یاساکەی هەرێم بە تاوانی ڕامیاری دادەنرێت، لەبەرئەوەی دژی سیستەمی فەرمانڕەوای و دامەزراوە حکومیەکان و دەستدرێژیە بۆسەر دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بۆیە بە پاڵنەر و ئامانجی ڕامیاری ئەنجامدەدرێت(علوان،٢٠٢١،ل٥٤٧). جگە لەوەی کە لە دەقی ماددەی یەکەم وشەی سەروەری (سیادة) بۆ دامەزروەکانی هەرێم بەکارهێناوە کە دەستەواژەی سیادە دەدرێت بە کەسایەتی یاسای نێودەوڵەتی دەدرێت لەنێوانیان دەوڵەت. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە یاسادانەری کوردستانی لە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە سەرکەوتوو نەبووە.

٣_ لەرووی سزا ماددەی(١٥٦) سزادەدرێت بکەری تاوان بە لەسێدارەدان بەڵام ماددەی یەکەم سزادەدرێت بە بەندکردنی تاهەتای یان کاتی، ئەمەش دەلالەتە لەوەی مەترسی تاوانکاری لە ماددەی(١٥٦ )زیاترە لە ماددەی یەکەم.

٤_هەردووکیان تاوانی ئەنقەستن کە بریتیین لە ئەنجامدانی کردەوەیەک لە لایەن تاوانبار بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجی تاوانکاری دیاریکراو هەروەک لەماددەکە داهاتووە مەبەستی تاوانبار زیانگەیاندن کە مەبەستی تایبەتی لە ماددەی(١٥٦) زیانگەیاندنە بە سەروەری و سەربەخۆی وڵاتی عێراق، هەروەها لە ماددەی(١) مەبەستی تایبەتی زیانگەیاندنە بە سەروەری و سەربەخۆیی و سەقامگیری دام و دەزگاکانی هەرێم.

٥_لەڕووی کۆڵەگەی شوێگەی تاوان(محل الجريمة) لە ماددەی (١٥٦) زیانگەیاندنە بەسەروەری وسەلامەتی یەکپارچەی و کیانی دەوڵەتی عێراق(الاعظمي،٢٠٠٠،ل١٠-١٤) بەڵام لە ماددەی (١) کۆڵەگەی شوێنگەیی تاوان بریتییە لە زیانگەیاندن بە سەربەخۆی و ئاسایش و سەقامگیری دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

- کەواتە ئەو چەمکانەی بەکارهاتوون لە چوارچێوەیەکی تەندروست نەبووە. بۆنموونە وشەی (سەروەری دام و دەزگاکان) یاخود (سەقامگیریی) کە ئەم وشانە دەربڕینی دروست نین، چونکە وشەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەروەری بۆ دامەزراوە بەکارنایەت بەڵکۆ بۆ دەوڵەتان باسدەکرێت. ئەمە لە لایەک لە لایەکی تر نابێت دەقی یاسایی تاوانکاری و نموونەی یاسایی بە جۆرێک دابڕێژرێت کە ڕەها و ناڕوون بێت و چەندین کێشە لە خۆ بگرێت لە ڕووی داڕشتنەوە بۆ هاوسەنگی سزاسازی. بۆیە پرۆسەی بونیادی تاوان و دیاریکردنی تاوان بەجۆرێک دوور لە لۆژیکی تەشریحی گەورەترین مەترسیە بۆ سەر خودی پرنسیپی شەرعیەت، چونکە ئەرکی یاسادانەری تاوانکارییە کە دوور بکەوێتەوە لەو چەمکانەی کە دوورن لە دیاریکردنی ئەرکی هاوڵاتیان، یاخود ئەوکەسانەی کە مەبەستمانە لەدەقە یاساییەکە، بە تایبەت ئەگەر بابەتی بە تاواناساندن پەیوەست بێت بە ماف و ئازادییەکان دەبێت( دەڕشتنی بنەما) بە هەند وەربگیرێن کە مەبەست لێی بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی ورد و کۆکەرەوە و نەهێڵ (مانح). بەمەش دروستە بڵێین کە ئەگەر یاسایەک یان دەقێک دەستەواژەی (عیباراتی) سزادەدرێت هەر کەسێک کردارێک بکات کە ببێتە هۆی ناشیرینکردنی ناوبانگی وڵات ئەوا ئەم جۆرە دەقە سەرەتای ترین پێویستیەکانی دەقی یاسایی تێدانیە کە بریتییە لە دیاریکردنی کۆڵەگەکانی ماددی. بۆیە ناکارێت بڵێین کۆڵەگەکانی ماددی بەرجەستە بووە ئەگەر ئەو کردارانەی کە پێکهێنەرین بە وردی ڕەگەزەکانی دیارینەکرابوون، یاخود ئامانج و دەرئەنجامی کردارەکە بەر جەستە نەبوون بەوردی(السعيدي،٢٠٢٢،ل٢٧).

**٣.٢ سزای تاوانی دەستدرێژی بۆسەر دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان_عێراق**

هەر وەکو ئاماژەمان پێکرد بەپێی ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان_عێراق سزا دەدرێت بە بەندکردنی کاتی یان هەتا هەتایی هەرکەسێک بەدەستی ئەنقەست بە هەرشێوەیەک بێت لە کارێک تێوەگلابێت بە بەمەستی زانگەیاندن لە ئاسایش و سەقامگیریی و سەروەری دام ودەزگاکانی هەرێمی کوردستان_عێراق و ببێتەهۆی کەوتنەوەی ئەو زیانە(یاسای ژمارە٢١ی ساڵی٢٠٠٣ ماددە١) . بەڵام ماددەی (١٥٦) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە(١١١)ی ساڵی١٩٦٩ کە لە کوردستان بە ماددەی یەکی یاسای ئاماژەکراو هەموارکراوە دا هاتووە سزادەدرێت بە لە سێدارەدان ئەوەی بەشێوەی ئەنقەسە کارێک ئەنجامبدات زیان بە سەروەری و سەربەخۆی یەکپارچەی و سەلامەتی خاکی عێراق بگەێنێ(یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ساڵی ١٩٦٩ ماددەی١٥٦).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٤.کۆتایی

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدین دەرئەنجام و پێشنیارەکان بخەینەڕوو:

### ٤.١ دەرئەنجام

١ - تاوانەکانی دژی دامەزاوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت تاوانی زیان بن یاخود تاوانی ڕواڵەتی کە بەتەنیا بە ئەنجامدانی کردەوەی تاوانکاری تاوانەکە دێتەدی بەبێ لەبەرچاوگرتنی زیانی ڕاستەقینە.

٢- ڕوون نەکردنەوەی بارودۆخ و جۆری تاوانەکان لە لایەن یاسادانەری کوردستانی سەبارەت بەم تاوانە، چونکە دەکرێت کرداری جۆراوجۆربن، و لەلایەکی تر بەکارهێنانی دەستەواژەی فراوان و گشتگیر کە ناگونجێت لەگەڵ دارشتنی یاسایی تاوانکاری.

٣- بڕیاردانی یەک جۆر سزا لە دەقە کە دا بۆ تەواوی کردار و گوفتارە جۆربە جۆرەکانی کە کارتێکەرن بۆ دامەزراوەکانی هەرێم، کە ئەمەش تاڕادەیەک ناهاوسەنگیە نا دادی و نەگونجاوە لە گەڵ ماف و ئازادییەکان.

٤- بوونی ناهاوسەنگیەکی بەرچاو لە سزای دیاریکراو لە یاساکە و جێبەجێکردنە دادوەرییەکان هەرچەندا یاسای سزادانی عێراقی دەسەڵاتی( تقدیری )داوە بەدادوەر, بەڵام جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکرێت، ئەمەش دەلالەتە لە بوونی ناڕوونی و دیار نەکردنی کات و بارودۆخەکانی تاوانەکە و ئاستی مەترس و جۆری تاوانەکە و ئەو لایەنەی تاوانەکەی ئەنجامداوە.

٥- یاسادانەری کوردستانی ماددەی (١٥٦) لە یاسای سزادانی عێراقی بە ماددەی(١) لە یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی٢٠٠٣ هەموار کردۆتەوە، بەڵام بە وردبونەوە لە هەردوو دەقەکە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم دوو دەقە دا بەجۆرێک کە ناکرێت ماددەی (١) لە یاسای هەرێم هەمواربێت بۆ ماددەی (١٥٦)ی یاسای سزادانی عێراق، لەبەر ئەوەی یاسادانەر کاتێک دەقێک بە دەقێکی تر هەموار دەکاتەوە پێویستە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم دوو دەقە هەمان بابەتیان ڕێکخستبێت ، بەڵام لێرەدا ماددەی (١٥٦) پەیوەستە بە تاوانەکانی دژی ئاسایشی دەرەکی وە ماددەی١ی یاسایی هەرێم پەیوەستە بە تاوانەکانی دژی ئاسایشی ناوخۆیی.

٦- بەکارهێنانی دەستەواژە و چەمکی نەگونجاو لەگەڵ خودی ئەو بابەتەی کە ڕێکیخستوە لەوانە یاسادانەری کوردستانی چەمکی (سەروەری ) بۆ دامەزراوەکان بەکارهێناوە، کە ئەم دەستەوەژەیە بۆ دەوڵەت بەکاردێت.

**٥.٢ پێشنیارەکان**

١- پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی:

أ. بە دووبارە پێداچوونەوە و دارشتنەوەی ماددەی(١) یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی ٢٠٠٣ بە جۆرێک زیادکردنی برگە و ماددەیەک لە یاساکە و ڕێکخستنەوەی تاوانەکانی دژی دامەزراوەکانی هەرێم، هەروەها دیاریکردنی کردارە جیاجیاکان و دیاری کردنی سزا بە گوێرەی ئەو ئاست و ڕێژە مەترسی و زیانەی لەسەر دامەزراوەکان دروست دەکەن، لەلایەکی تر بەکارهێنانی وشەی ورد و مانح کە گونجاوبێت لەگەڵ دارشتنی یاسایی تاوانکاری و هاوسەنگ بێت لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان، واتا دارشتنەوەی پرۆسەی تاوانسازی، چونکە یاسایی پەیوەست بەم بابەتە دەبێت لەگەڵ پرنسیپەکانی شەرعیەتی سزایی بگونجێت.

ب. یاخود دەرکردنی یاساییەکی تایبەت بە تاوانەکانی دژی دامەزراوەکانی هەرێم. یان کاراکردنەوەی ئەو ماددانەی لە یاسایی سزادانی عێراقی بە پێی یاسایی ژمارە(٢١)ی ساڵی ٢٠٠٣ ڕاگیراون هەموارکردنیان بەجۆرێک گونجاوبێت لەگەڵ قەوارەی هەرێمی کوردستان.

٢-لە کاتی دارشتنەوەی دەقە یاساییەکە زیادکردن و جیاکردنەوە چەند جۆر تاوانێک لەوانە(تاوانی توندوتیژی و بەکارهێنانی چەک دژی دامەزراوەکان، یاسا ئاسانکاری کردن بۆ دووژمن بە مەبەستی بردنی زانیاریەکانی سەبارەت بە دامەزراوەکان یان دەستگرتن بەسەر دامەزراوەکان دا، یان تاوانی هەوڵدان بۆ ڕووخاندن و کودەتاکردن بەسەر دامەزراوەکان دا، دەستێوەردان لە کاروباری دامەزراوەکان).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

### یەکەم_پەرتوکەکان:


١. أحمد فتحي سرور. (٢٠١٦) الوسيط في قانون العقوبات- القسم الخاص. القاهرة. دار النهضة العربية.

٢. أكرم نشأت ابراهيم. (١٩٩٦) السياسة الجنائية. بغداد. مكتبة النهضة.

٣. السعيدي.ع (٢٠٠٢). توقع النتيجة الجريمة و السبب في وقوعها. القاهرة.المركز العربي للنشر و التوزيع.السعيدي.

٤. عبد الملك. الموسوعة الجنائية. بيروت_لبنان. دار احياء التراث العربي.

٥. سارة بدري هادي مهنا (٢٠٢٣). جريمة التخابر التي من شأنها الأضرار بمركز الدولة السياسي. الأسكندرية. المركز الأكاديمي للنشر.

٦. سعد ابراهيم الأعضمي. (٢٠٠٠). الجرائم الماسة بأمن الدولة الخارجي. بغداد. دار الشؤن الپقافة العامة.

٧. سمير عالية. (١٩٩٩). الوجيز في شرح الجرائم الواقعة أمن الدولة. بيروت. المؤسسات الجامعة للدراسات و النشر و التوزيع.

٧. فخري عبدالرزاق الحديثي & خالد حميد الزعبي ( ٢٠٠٩ ). شرح قانون العقوبات القسم العام. عمان. دار الثقافة للنشر و التوزيع.

٨. فريد روابح (٢٠١٨-٢٠١٩) محاضرات في القانون الجنائي العام. الجزائر. جامعة لمين دباغين سيطف.

٩. فوزية عبدالستار. (١٩٨٧) . رح قانون العقوبات القسم العام. القاهرة. دار النهضة العربية.

١٠. محمد الفاضل. (١٩٦٣). محاضرات في الجرائم السياسية. دمشق. مطبعة جامعة دمشق.

١١. محمد صبحي نجم.(٢٠٠٦). قانون العقوبات القسم العام (النظرية العامة للجرية). عمان. دار الثقافة للنشر و التوزيع.

١٢. محمود محمود مصطفى. (١٩٦٠-١٩٦٢). شرح قانون العقوبات القسم العام. القاهرة. مطبع دار الكتاب العربي مصر.

١٣. مهند نوح (٢٠٠٨). القانون الأداري السوري. من منشورات الجامعة الأفتراضية.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم_ توێژینەوەکان:**

١. ابرار محمد حسين زينل (٢٠١٤). الموازنة بين المصلحة الخاصة والعامة في ضوء القانون الجنائي والدستوري. العراق.جامعة البصرة-كلية القانون والسياسة.ص٣٦.

٢. حسين محمد فلاح البرايسة.:(٢٠٢١). الركن المعنوي للجرائم الأكترونية وفقا لقانون العقوبات الأردني. عمان- الأردن. جامعة الشرق الأوسط.ص٤٣.

٣. علي عبدالكريم علوان .(٢٠٢١). ذاتية امن الدولة. جامعة بغدا-كلية القانون-فرع القانون الجنائي. عدد خاص لبحوث التدريسيين مع طلبة الدراسات العليا-الجزء الثالث-المجلد٣٦.ص٥٤٧.

٤. كاظم عبدالله الشمري,زينة عبد الجليل عبد (٢٠٢١). سياسة التجريم في القوانين الجنائية والخاصة. جامعة بغدا-كلية القانون-فرع القانون الجنائي.عدد خاص لبحوث التدريسين مع طلة الدراسات العليا-الجزء الاول,المجلد٣٦.ص١٨٤.

**سێیەم _ یاساکان:**

١. یاسای سزادانی عێراقی ژمارە١١١ی ساڵی ١٩٦٩.
٢. یاسای ژمارە٢١ی ساڵی٢٠٠٣ هەرێمی کەردستان.

**چوارەم _ بڕیارەکانی دادگا:**

١. بڕیاری دادگای تاوانی هەولێر٢ بە ژمارە(٢٣٩/ج٢/٢٠٢١)لە بەرواری٢٠٢١/١١/٢١.بڵاونەکراوە.
٢. بڕیاری دادگای تاوانی دهۆک/١ بە ژمارە(٣٣٢/ج/٢٠٢١) لە بەرواری ٢٠٢١/٥/٢٤، وەرگیراوە لە پەرتوکی ،محمد مصطفى محمود جاف.الجديد في قضاء محكمة تمييز اقليم كوردستان,مكتبة هةولير القانونية.

٣. بڕیاری دادگای پێداچوونەوە هەرێم بە ژمارە(٦٦/دەستەی گشتی سزایی/٢٠٢١)لە بەرواری ٢٠٢١/١٢/١٣، وەرگیراوە لە محمد مصطفى محمود جاف. (٢٠٢٣)الجديد في قضاء محمكمة تمييز اقليم كوردستان,مكتبة هةولير القانونية.

٤. برى دادگای تاوانی/٢ ی هەولێر بە ژمارە١٦٩/ج/٢/٢٠١٨)لە١١/٤/٢٠١٨.بڵاونەکراوە.

٥. بڕیاری دادگای پێداچوونەوە هەرێم بە ژمارە(٨٤٧/دەستەی گشتی سزایی ١/٢٠١٨) لە بەرواری ٢٠١٨/١٢/٤، وەرگیراوە لە پەرتوکی : محمد مصطفى محمود جاف(٢٠٢٠)الجديد في قضاء محكمة تمييز اقليم كوردستانو مكتبة هةولير القانونية.

٦. بڕیاری دادگای تاوانی ٢ هەولێر بە ژمارە ١٢٦/ج/٢/٢٠٢١،بەرواری ٢٠٢١/١٠/١٩.

٧. بڕیاری دادگای تاوانی٢ ی هەولێر بە ژمارە٣٧٠/ج/٢/٢٠٢١ لە ٢٠٢٢/٣/٦.

-----------------------------------------------------------------------------------------------------------

# Legal assessment of Article (1) of Law No.21 of 2003 of the Iraqi Kurdistan Region.

**Naska Ahmad Hawez**
Kurdistan Bar Association, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
naska.11.ahmad@gmail.com

**Prof. Dr. Mohammed Rashid Hasan**
Department of Law, College of Law human development, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.
mohammed.rashid@uhd.edu.iq

***Keywords:*** *Crime, Staibaility, Constitutional, Institutions, Damege.*

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Abstract:**

The crimes that are against the constitutional institutions vary and differ, they have many dimensions, it should be noted that these crimes can be political crimes and they can be ordinary crimes as they are committed through different behaviors and words, that these crimes affect the institutions of the region and harm them by nature, and they have Serious repercussions on the stability and security of the institutions of the Kurdistan Region of Iraq, and their dangers may lead to the location of the region and its constitutional entity. They are apparent crimes committed through criminal acts, which may cause material damage to the institutions of the region, and they have been organized within the framework of the laws of the region in the first law No. (21) of the year (2003), as it promises crimes against the internal security of the region and affects the stability and security of the region in general and the institutions in particular, we want to say that the Kurdistan legislator was not successful in enacting this law, because he used the concepts extensively and this contradicts the rights and freedoms of citizens, and its penalties are not Balanced and not appropriate for the multiple crimes committed, and we believe that the texts of the laws must be accurate and comprehensive, and their words and phrases are clear and understandable, so we believe that this law should re-legislate them,to include and regulate many other provisions and offences.

------------------------------------------------------------

## التقييم القانوني للمادة (١) من القانون رقم ٢١ لسنة٢٠٠٣ لإقليم كوردستان_ العراق

**ملخص:**

تتنوع وتختلف الجرائم التي تكون ضد المؤسسات، لها أبعاد كثيرة، ينبغي أن يشار إلى أنَّ هذه الجرائم يمكن أن تكون جرائم سياسية ويمكن أن تكون جرائم عادية حيث يتم ارتكابها من خلال السلوكيات والأقوال المختلفة ، إن هذه الجرائم تؤثر على مؤسسات الإقليم وتضرها بطبيعتها، ولها تداعيات خطيرة على استقرار مؤسسات إقليم كردستان العراق وأمنها، وربما تؤدى مخاطرها إلى مؤقع الإقليم وكيانها الدستوري.وإنها جرائم ظاهرية ترتكب من خلال الأفعال الإجرامية، ربما تلحق أضرارا مادية بمؤسسات الإقليم، وقد تم تنظيمها في إطار قوانين الإقليم في القانون الأول المرقم (٢١) عام (٢٠٠٣)،حيث تعد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بجرائم ضد الأمن الداخلي للإقليم وتؤثر على استقرار الإقليم و أمنها بشكل عام وعلى المؤسسات خاصة، نريد أن نقول أنّ المشرع الكردستاني لم يكن موفقا في تشريع هذا القانون، لأنه استخدم المفاهيم بشكل موسع وهذا ينافي مبدأ الشرعية الجزائية، وعقوباتها غير متوازنة وغير مناسبة للجرائم المرتكبة المتعددة،ونحن نرى أن نصوص القوانين الأجرمي يجب أن تكون دقيقا وجامعا وكلماتها وعباراتها واضحة ومفهومة، لذلك نعتقد ان هذا القانون يجب أن يعيد تشريعها من جديد،لتشمل وتنظيم العديد من الأحكام و الأحكام و الفقرات الأخرى.